خوێندنەوەی کتێب: پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی ـ پاسۆک

**گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی بەرگی یەکەم** ژمارەکانی ١-١٦ ساڵی ٢٠٢٢

پێش ئەوەی هەر شتێ بین ..دەبێ کورد بین

کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان

ئاڵای سووری کوردایەتی

ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی- پاسۆک-

"چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە"

ژمارە ١١ ی بەفرانباری٢٥٩٣ کانوونی دووەمی ١٩٨٢

١١ بابەت لە دووتوێی ٦٢ لاپەڕەدا بەرچاو دەکەوێت. ئەم ژمارە لە رووی قەبارەی لاپەڕەوە تا ئێستا گەورەترینە و بابەتەکانی چڕوپڕ و خەست و خۆڵن بە رۆحی کوردایەتی و زانیاریی و ڕۆشنبیریی گشتی.

[ سەروتار] .. {سلێمانی لە ڕەگەزپەرستان گەورەتر ە و لە تێکدان قایم ترە}..
وتارەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو بەرنامەیەی ڕژێمی بەعس و سەدامی دیکتاتۆر نەخشەیان بۆ وێرانکردنی شاری سلێمانی کێشا بوو. باس لە سوتانی رۆما لە لایەن نیرۆنەوە دەکات و گاڵتەی بە ئەقڵی هیتلەرەی عروبە دێ.

سلێمانی سیمبۆڵی کوردایەتی و تێکۆشانی نەپساوی خەڵکی قوربانیدەر و دڵسۆزە، بۆیە هەر زوو بووە چقڵی چاوی داگیرکەران و خەونییان دەدی بە وێرانکردن و ڕاگوێزان و گەمارۆدانییەوە، بەڵام رۆڵەکانی سەرکارێز و مەڵکەندی و چواباخ و کانی ئاسکان، ئازادی و جولەکان شورای پۆلایینی شار و تاجی سەروەری کوردستان نەیانهێشت بۆ چرکەساتێکیش ئەو خەونە گڵاوەی داگیرکەران بێتە دی...

جەماوەری شار و لوتکەی بەرزی چیاکانی گۆیژە و ئەزمەڕ و بەرانان و پیرەمەگرون پاڵپشتی شار و قەڵغانی پاراستنی بوون... هەر لەم بۆچوونەوەیە وتارەکە بەم دێرە کۆتایی پێ دێت:

"ئیتر چۆن کورد لە مەرگ قایم تر و لە سێدارە باڵاتر نییە؟ و چۆن صدام لە نیرۆن گێل تر و لە هیتلەر گڵاو تر نییە؟.."!.

]شیعر[
شیعرەکە بریتییە لە باسکردنی رۆڵی کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئێستا لەبەرەنگاربوونەوەی داگیرکەراندا.. بەداخەوە ناوی خاوەنی شیعرەکە نەنووسراوە.

[لە هەندەران چ باسە]؟..

ساڵی ١٩٨١ له شاری ڤییەنا چالاکی حەفتەیەکی کوردی بەڕێوە براوە لەلایەن کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد ونەمساوییەوە... رووداوەکانی ئەو چالاکییە بەسەر کراوەتەوە. هاوکات گفروگۆیەکی گەرم لەگەڵ نوێنەری لیبیادا کراوە و نوێنەری پاسۆک پرسیارێکی قورس ئاڕاستەی ئەو نوێنەرە دەکات.. بابەتەکە شایانی خوێندنەوەیە.

[ ڕازێکی کوردانە]..{ناکۆکییەکان و شێوە و شێوازی چارەسەرکردنیان}..

وتارێکی فکریی و شیکارییە.. باس لە شێوەکانی ناکۆکی دەکات و کرۆکی باسەکە جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی نالۆکییەکانی دەروونی کوردایەتی ئاسایی و لاوەکین و ناکۆکی سەرەکی کورد لەگەڵ داگیرکەرانیدایە واتە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا..
دیارە هێزگەلی تر هەبوون و هەن کەوا پێیان وایە ناکۆکی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەی کوردی ناکۆکی سەرەکییە و دەکرێ لەگەڵ ئەوانی بێگانەدا لەرووی چینایەتی و ئایدۆلۆژییەوە یەک بگرین..

وتارەکە لەم ڕووەوە هەموو ئەو دید و ڕوانگە نێونەتەوەییانە ڕەت دەکاتەوە و دەست بۆ داگیرکەری سەرەکی ڕادەکێشێ..

بەم پەیامە جوانە کۆتایی بەم وتارە بەپێزە دێت:" با هەموان بەگیانی کوردانە و کورد دۆستانەو زانستیانەوە و دوورلە خواستی دەروونی و تایبەتییەوە لە زەمینەی واقعی کۆمەڵگەی کوردەواری و لەبەر ڕۆشنایی بیر و فەلسەفەی ( کوردایەتی) دا هەنگاو هەڵهێنین و بە ئەرکی میللی خۆمان هەستین تا بەهەمووان کورد بگەیەنینە کەناری ئارامی سەربەخۆیی و ئازادی".. پەیامێکی ڕوون و تژی لە ئاماژەی کوردایەتی..

]شیعر[
دوو شیعری دیاری مامۆستا هەژارە، بە ناوەکانی " لە خۆتم بپارێزە و هەر کوردم"
هەردوس دەقەکە ناسراون لە ئەدەبی کوردیدا و مانا و سەنگی خۆیان هەیە...

]بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە[

نامەیەکی تەوسئامێزە نووسراوە و نیردراوە بۆ سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان( ڤاڵد هایم)..
دەرد و کێشەکانی کورد و مافی مرۆڤ لەژێر یاسای سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستاندا دەکات...

}داستانێک[
پەخشانە وتارێکە لە باوکێکەوە بۆمنداڵەکەی و هاوکات نماتشتکردنی دۆخی منداڵانی کوردستانە بە ژیان و ئارامی..!

دەقێکی ئەدەبی بەرزە..

[ قوتابخانەی پاسۆک] ...{تاک و کۆمەڵ}...

}تاک و کۆمەڵ دووشتی ئاوێتەی پێکەڵپێکی پێویستی یەکترین:نە تاک بێ کۆمەڵ دەبێت و نە "کۆمەڵ" بێ " تاک" ان پەیدا دەبێت...{
وانەیەکی فیکرییە سەبارەت بە تاک و کۆمەڵ و گرنگی و بایەخی ئەم دوس کاراکتەرە... گەشتێکی فراوانیشە بە ڕۆشنبیری ئەم بابەتە لای فەیلەسوفانی جیهان.
ئەم باسە جێی بایەخی فیکر و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و سیاسەتیشە ، ئامادەیی لە ڕۆشنبیریی گشتیشدا هەیە.. دیارە خوێندنەوەی ئاڵا بە دید و هەناسەیەکی نەتەوەییانەیە کە زۆر نزیکە لە واقعی ژیان و پێگە و ڕۆڵی چەمکی تاک و کۆمەڵ...

[ شادەمارە سەرەتانمان] ...{١٠ - مافی پەرستن و باوەڕ و بیرکردنەوە و ڕادەبڕین و هەموو مافێکی دیکەی مرۆڤ پیرۆزن لامان}..

لەبەر ڕۆشنایی بیری نەتەوەیی و جیهانبینی فیکری پاسۆکدا یەکێ لە بنەما هەرە بنجی و گرنگەکانی مرۆڤ شرۆڤە دەکرێ و خوێندنەوەیەکی لە ڕەهەندی فیکری و سیاسی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ دەکرێ..

مرۆڤ ئەو کاتە مرۆڤە کە ئازاد بێت، کاتێکیش ئازادە کە ویستی خۆی بڕیار بدات، دڵخوازەکانی دیاری بکات و لەچوارچێوەی مەعقولدا ڕەفتار بکات و ڕێز لەئازادی بەرانبەر بنێ و حورمەتی مرۆڤبوونی خۆی بەرز ڕاگرێ...
لێرەدا لە وتارەکەدا وتەیەکی دیکارت بەرچاو دەکەوێ " هیچ مرۆڤێک ناتوانێ لە یەکێکی تر مرۆڤ تر بێت چونکە ئازادی چونیەک لای هەمووان بێ سنوورە."
ئازادی و ماناکەی وەک گرنگترین خەسڵەتی مرۆڤ لەم وتارەدا تیشکی خراوەتە سەر و داکۆکی لێ کراوە.

]فەرهەنگۆک[

ئەم چەمکە سیاسییانە(بابۆفی، پرۆلیتاریا، پێکەوە هەڵکردن، تەکنۆکراسی) شرۆڤە کراون و ئەو پێناسە زانستییەی بۆ ئەم چەمکانە کراوە خراوەتە بەردەست...
هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، ئەم هەوڵەش دیسان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و رۆشنبیریی هاوبیران و هێزی پێشمەرگەی پاسۆک و خوێنەرانی هێژایە...

شازادە" الامیر"

بەشێکی تر لە کتێبی شازادە/ میری مێکیاڤیلی، کە وەرگێڕانەوە و بە زنجیرە بڵاو دەکرێتەوە...ئەم بەشەش نزیکەی ٣٠ لاپەڕەی گرتۆتەوە.

[ ماڵاوا]....{ تەرکی ڕێگە}...

بابەتێکی کورتە لەسەر شێلگیربوون لەسەر کوردایەتی و تەرک نەکردنی ڕێباز و تێکۆشانی خزمەت بە نەتەوە و نیشتمان.

سەرچاوەی ئەم عەشقەش پاسۆک و بیری گەشی کوردایەتییە..

تا ژمارەی داهاتوو ماڵئاوا و ماڵتان پڕ لە شادی و تەندروستی بێت.

